# له قه‌سرۆک بینایه‌ی قوتابخانه‌كان كۆن بوون و پێویستیان به‌نۆژه‌نكردنه‌وه‌ هه‌یه‌

ناحیه‌ی قه‌سرۆكی سه‌ر به‌قه‌زای شێخانه‌، هه‌ریه‌ک له‌كۆمه‌ڵگاكانی كه‌له‌كچی وچرەو ٤٥ گونـد له‌خۆده‌گرێـت و ئـه‌م ناحیه‌یه‌ ناوچه‌یه‌كی كشتوكاڵی به‌ناوبانگه‌.





هاووڵاتیانـــی ناحیه‌ی قه‌ســـرۆك داوای پـــرۆژه‌ی خزمه‌تگـــوزاری زیاتر ده‌كه‌ن و ره‌خنه‌یـــان له‌ خراپی ڕێگاو شـــه‌قام و كه‌می ئاوو ئاوه‌ڕۆو تاپۆنه‌كردنی زۆربه‌ی خانووه‌كانیان هه‌یه‌، له‌ به‌سه‌ركردنه‌وه‌یه‌كی گۆڤاری گوڵاندا چه‌ند هاووڵاتییه‌كمان لـــه‌م ده‌ڤه‌ره‌ دواند كه‌ پێیـــان وابوو جگه‌ له‌كه‌موكوڕی پرۆژه‌ خزمه‌تگوزارییه‌كان هه‌ردوو كه‌رتی په‌روه‌رده‌و ته‌ندروســـتیش پێویســـتیان به‌ ئاوڕلێدانه‌وه‌ هه‌یه‌؛ له‌لایه‌ن خۆشـــیه‌وه‌ (شـــێردل ســـمۆ جوقـــی ) به‌ڕێوه‌به‌ری ناحیه‌ی قه‌ســـرۆك جه‌ختی له‌ ســـه‌ر كه‌موكوڕییـــه‌كان و چۆنیه‌تی چاره‌ســـه‌ركردنیان كـــردەوه‌و پـــلان و به‌رنامه‌یانی بۆ ئه‌م ساڵ خسته‌ڕوو.













چەندین ساڵە هاووڵاتیانی قەسرۆك لەچاوەڕوانی ئاوڕلێدانەوەی زیاتری حکومەتن بۆ ناحیەکەیان، ئاوڕلێدانەوەیەك هیچ نەبێت ئەو خانووانەی کە تاپۆیان نییە بۆیان تاپۆ بکرێن، یاخود لایەنە پەیوەندارەکان چەند پرۆژەیەکی ئاویخواردنەوەیان بۆ جێبەجێ بکەن تاوەکو جارێکی تر کێشەی کەم ئاوی لە وەرزی هاویندا رووبەروویان نەبێتەوە. هاووڵاتییان لەم شارۆچگەیە بەهاوشێوەی ناحیەو قەزاکانی تر گلەییان لەکەمی چارەسەری تەندروستی و دەرمان و پشکنینی پزیشکی و ژمارەی پزیشکە پسپۆرەکان هەیە بەتایبەت نەبوونی پزیشکی پسپۆر بە ئافرەتان، ناکرێت لەناحیەیەکدا کە ئەوەندە بەرفراوان بێت کەچی پزیشکی پسپۆرو شارەزای بواری ئافرەتانی لێ نەبێت، لەلایەکی ترەوە قوتابخانە کۆنەکانیش بوونەتە گرفتێکی دیکە، لێرە بەهاوشێوەی زۆربەی ناوچەکانی تر قوتابیان پێویستیان بەبینایەی نوێ بۆ قوتابخانەکانیان هەیە، هاوکات لەرووی شەقامەکانیشەوە هەڵمەتێکی قیرتاوکردن و چاککردنی شەقامەکانی زۆربەی کۆڵان و گەڕەکەکان سەنتەری ناحیەو هەردوو کۆمەڵگەی کەلەکچی و چڕە پێویستە. باسکردنی گرفتەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان تەنیا بۆ دەرخستنی کەموکوڕییەکان نییە، بەڵکو بۆ پتەوکردنی پردی پێوەندییەکانی نێوان هاووڵاتیان و یەکەی ئیداریی و بەرپرس و دامودەزگا خزمەتگوزارییەکانی حکومەتیشە، دامودەزگایەکی وا کە لەبنەڕەتدا بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان دامەزراوە، هەربۆیە ئەم دامودەزگایانە هەروەکو چۆن موڵکی هاووڵاتیانە هەرواش دەبێت لەخزمەتی ئەواندا بن، هەر ئەمەشە وایکردووە کاتێك رەخنەو گلەییەکانی هاووڵاتیان رووبەرووی بەڕێوەبەری ناحیەکە دەکەینەوە ئەویش پشتگیری داواکارییە رەواکانی هاووڵاتیان دەکات و بەهەمانشێوە داوا لەوەزارەت و بەرپرسانی باڵای حکومەت دەکات هاوکارییان بکەن بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕیی و پێشخستنی ئاستی خزمەتگوزاریی خەڵکی.









## خراپی شەقامەکان بەیەکێک لەگەورەترین کێشەکانی دانیشتوانی کۆمەڵگای کەلەکچی دادەنرێت

## ژمارەیەک لە بینایەی قوتابخانە کۆنەکان پێویستی بەنۆژەنکردنەوە هەیە

**هاووڵاتییـــان: پێویســـتە حکومەت مشـــورێکی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانـــی شـــارەوانی و کەرتـــی پەروەردە بخوات**

کاتێکیـــش گەیشـــتینە ناحیەکە کەشـــێکی باراناویی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشـــابوو، هەربۆیە ئەو کۆڵان و گەڕەکانـــەی قیرتاونەکرابوون لەبارودۆخێکی باش دا نەبوون و دیمەنی قوڕو تێکچوونی شەقامەکانی بەروونی پێوە دیار بوو ؛ هاووڵاتی (خەلیل یوســـف ) لەگەڕەکی ســـەرهەڵدان باســـی لەبوونی ئەو کێشەیەی تێکچوونی شەقامەکان و قیرتاونەکردنی ڕێگاوبانەکان کردوو ئاماژەی بەوەش کرد کە زۆر شـــەقام هەیە دوای قیرتاوکردنیشی تێکچووەتەوە. قیرتاونەکردنی شەقام و کۆڵانەکان لەلایەن ژمارەیەکی تری هاووڵاتیانیشەوە تەئکیدی لەبارەوە کرا یەوە؛ هەر لەم رووەوە هەردوو هاولاتی (سەعدی رەمەزان و کەیفی جەرجیس ) باســـیان لەم کێشەیە کردوو داوایان لەحکومەتی هەرێم کرد مشورێکی قیرتاوکردنی کۆڵان و شـــەقامەکانیان بخۆن. هەروەهـــا خراپی ڕێگاوبان و شەقامەکان بەیەکێك لەگەورەترین کێشەکانی دانیشتوانی کۆمەڵگای کەلەکچـــی دادەنرێت، لەم رووەوە هاووڵاتی نەجمەدین قاســـم وتـــی: زۆربەی شـــەقام و کۆڵانی گەڕەکەکانی ئەم کۆمەڵگایە بێ قیرتاوکردن ماونەتەوەو لـــەوەرزی زســـتاندا گرفت و کێشـــە بـــۆ هاتوچۆی قوتابیەکانمـــان لەکاتی چوونیان بۆ قوتابخانە دروســـت دەبێت. لەلایەکی ترەوە دانیشـــتوانی قەســـرۆك باسیان لەمەســـەلەیەکی گرنـــگ کرد ئەویـــش تاپۆنەکردنی ژمارەیەك لەخانووەکانیان و بوونی کێشەی نیشتەجێبوون بوو بەتایبەتی لەهەردوو کۆمەڵگای کەلەکچی و چرە، ئەوەتا هاووڵاتی (کۆچەرن رەمەزان) داوای تاپۆکردنی خانووەکـــەی دەکات و پێی وایە ژمارەیەك لەخانوو لەناو ســـەنتەری ناحیە بـــێ تاپۆن و زۆربـــەی خانووەکانی کۆمەڵگا کۆنەکانیش هەمان کێشـــەیان هەیە، هەربۆیە بـــە وتەی ئـــەم هاووڵاتییە گەرچـــی لایەنی بەرپرس لـــەم رووەوە هەنگاوی ناوە، بـــەڵام ژمارەیەك خانوو تا ئێستا بێ تاپۆن، هەربۆیە پێویستە حکو مـــە ت مشـــورێکی کێشـــەی خانووە بێ تاپۆکان بخوات، ئەم کێشـــەیە لەکۆمەڵـــگای کەلەکچـــی بەتەواوەتی روون و بەرچـــاوە، بەتایبەتـــی لەکاتێکدا دانیشـــتوانی ئەو کۆمەڵگایـــە ماوەیەکی زۆرە زەویی نیشـــتەجێبوونیان بەســـەردا دابەش نەکراوەو باسیان لەوە دەکرد خانوو هەیە ٣ بـــۆ ٥ خێزانی تێدایە. ئەمە جگە لەبوونی کێشـــەی کەمی ڤۆڵتیەو کۆنی تۆڕەکانـــی کارەبا، کە هۆکاری سەرەکییە بۆ کوژانەوەی کارەبا.

سەبارەت بەپێداویســـتییەکانی هەردوو بواری پەروەردەو تەندروســـتیش کە دوولایەنی گرنگی پێداویستیەکانی سەرجەم هاووڵاتیانە، هاووڵاتی فەخری عەلی لەگەڕەکی ســـیدان ئەوەی بۆمان روونکـــردەوە داودەرمان لەبنکەی تەندروســـتی ناحیەکەیان کەمەو ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەش بەپێی ژمارەی دانیشتووان نییە، ئەم هاووڵاتییە ئاماژەی بەگرفتی کەرتی پەروەردەش کردوو وتی : ژمارەیەك لەو قوتابخانانەی لەناو سەنتەری شارە یا لەدەرەوەی شـــارە بیناکانیان کۆن بووەو پێویســـتییان بەنوژەنکردنەوە هەیە، هـــاوکات دووری قوتابخانەکانی بنەڕەتـــی لە زۆربـــەی گەڕەکەکانـــەوەو نەبوونی ئەو قوتابخانانە لەگەڕەکە نوێیەکان گرفتێکی ترەو پێویستی بەچارەســـەرکردن هەیە لە ڕێگای دروستکردنی چەند قوتابخانەیەکی بنەڕەتی ترەوە. لەدرێژەی ئەو سەردانەو بەسەرکردنەوەی هاووڵاتیانی قەسرۆك چەند تێبینییەکمان لادروست بووە لەوەی پێویستە مشوری بنکە تەندروستییە بچووکەکە بخورێت و هیـــچ نەبێت بگۆڕدرێت بەتایپ A یا نەخۆشـــخانەیەکی مۆدێرن و پێشـــکەوتوو بۆ ئەم ناحیەیە دابنرێت، مەسەلەی بیناکۆنەکانی قوتابخانەکان بەیەکێك لـــەو خاڵە ســـەرەکییانە دادەنرێت کە پێوەندی بەژیانی قوتابیانەوە هەیە، ئەم کێشـــەیەش بەهاوشێوەی زۆربەی ناحیەکانی تر پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە.

بەمشـــێوەیە رەخنەو پرسیارەکانی هاووڵاتیانمان ئاراستەی (شـــێردل ســـمۆ جوقی ) بەڕێوەبەری ناحیەی قەسرۆك کرد، کە بەراشـــکاوانە وەڵامی یەکەیەکەی پرسیارەکانی داینەوەو پەنجەی خستە سەر کەموکوڕییەکان و چۆنیەتی چارەســـەرکردنیان، هـــاوکات ژمارەیەکیش لەو پرۆژانەی راگەیاند کە ئەمساڵ بڕیارە بۆ دانیشتووانی قەسرۆك بێتە جێبەجێکردن.





شێردل سمۆ جوقی بەڕێوەبەری ناحیەی قەسرۆك:

# لە سەنتەری قەسرۆک و هەردوو کۆمەڵگای کەلەکچی و چڕە پێویستیمان بە دروستکردنی باخچەی ساوایان و دابەشکردنی زەوی هەیە

سەرەتا بەڕێوەبەری ناحیەی قەسرۆك سەبارەت بە فراوانبوونی ناحیەکەیان وتی : لەگەڵ فراوانبوونی سەنتەری قەسرۆك و کۆمەڵگاکانی کێشەی کوژانـــەوەی زەویمان دێتـــە پێش، کە ڕێگـــرە لەدابینکردنی زەوی بۆ پرۆژەکانی خزمەتگوزاری و قوتابخانەو ئاوو شـــوێنی نیشـــتەجێبوون، تەنانـــەت نەتوانراوە ئەو بڕیـــارە جێبەجێ بکرێت کـــە هەموو موڵکە داگیرکراوەکانی ســـەردەمی بەعـــس بۆ خاوەنەکانـــی بگەڕێنرێتەوە، بۆ چارەســـەری ئەم کێشـــەیەش داوامان لەوەزیری شـــارەوانی کردووە لیژنەیەکـــی تایبەت و باڵا دابمەزرێت، لەگـــەڵ ئەمەش دا ئێمە تەنیا چاوەڕوانی یەکلانەکردنەوەی ئەو کێشانەمان نەکردووە، لەساڵی رابردوو توانیمان ٧٠٠ پارچە زەوی بەپێی ڕێنمایی بەســـەر چین و توێژەکانی ناحیەکـــە دابەش بکەین، بەڵام ئەمانە هەمووی پێویســـتیان بەپرۆژەی خزمەتگوزاری زیاتر دەبێت هەربۆیە بەرنامەو پلانمان لەبەردەستدایە بۆ زیادکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، لەلایەکی ترەوە توانیمان کێشەی بێ تاپۆیی خانووە کۆنەکانی ناحیەکەمان چارەسەر بکەین.

مەســـەلەی قیرتاوکردنی شـــەقام و کۆڵانـــەکان بەتایبەتی لەهەردوو کۆمەڵگەی کەلەکچی و چڕە کە پێشتر کۆمەڵێك کارو پرۆژە لەمبوارەوە ئەنجامدراوە، بەڵام بەتەئکید بەپێی تواناو بودجەی بەردەست ناتوانرێت هەموو کۆڵان و شـــەقامەکان قیرتاو بکرێت پێشتریش وەزیری شارەوانی و گەشـــتوگوزار هاتە سنوورەکەمان و لەنزیکەوە گوێبستی داواکاری و گلەییەکانی هاووڵاتیانمان بوو، تەنانەت بەنووســـراویش ئەو پێداویستی و کەموکوڕییانەی کە لەڕووی شـــارەوانییەوە هەیە بۆ وەزارەتی ناوبراو بەرزکراوەتەوەو بۆ ئەمساڵ ژمارەیەك لەپرۆژەی شارەوانی لەسنوورەکەمان جێبەجـــێ دەکرێت، کە پرۆژەکانی ئاوو ئاوەڕۆو چاککردن و قیرتاوکردن لەخـــۆ دەگرێت بەگوژمـــەی١٨ ملیار دینار بۆ ســـەنتەری ناحیەی قەســـرۆك و ٢٥ ملیار دینار بۆ کەلەکچـــی و ٨,٥ ملیار دیناریش بۆ کۆمەڵگای چڕە. لەلایەکی ترەوە بەهۆی کەمبوونی ئاوی ژێرزەوییەوە ڕەنگـــە لەداهاتوودا ببێتە کێشـــەیەکی گەورە لـــەم ناوچەیە هەربۆیە داوامانکردووە پرۆژەی بەنداو لەناوچەکە دروســـت بکرێت هەروەها کار بۆ جێبەجێکردنی دابینکردنی ئاویخواردنەوە لەســـەر بەنداوی موسڵ یا بەنداوی گەلی خنس بکرێت.

سەبارەت بەهەردوو بواری تەندروستی و پەروەردەش بەڕێوەبەری ناحیەی قەسرۆك وتی : ڕاستە ئێمە کێشەو کەموکوڕیمان لەو دوو بوارە هەیەو ئەو پرۆژەو کارانەشی کە لەم سنوورە جێبەجێکراوە جێی دەستخۆشییە، بەڵام پێداویستی ناوچەکەو خواست و داواکاری هاووڵاتیان ڕووی لەزیادبوون کردووەو ئێستا ئێمە پێو یستیما ن بەفراوانکردنی بنکە تەندروســـتییەکەو دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی قەرەوێڵەیی هەیە، دروســـتکردنی نەخۆشخانەیەکی قەرەوێڵەیی گەورە لەنزیك چوار ڕیانی شـــێخان کە لەدوای هاتنی ســـەرۆکی حکومەت بۆ ناوچەکە و گفتوگۆکردن لەســـەر ئەم کێشـــەیە خزمەتێکی باشی هەموو خەڵکی ســـنووری قەزای شێخان دەکات . بۆ چارەسەرکردنی کەمی کادیری تەندروســـتی و پزیشکی پسپۆڕیش داوامان لەپەروەردە کردووە هەندێك قوتابی کچانمان لەبەشـــی پەرســـتیاری وەربگیرێن و دوای تەواوکردنی پســـپۆڕایەتییان لەســـنوورەکە دابمەزرێن، هەروەها بڕیارە لەســـەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاش بنکەیەکی تەندروستی تایپ(C) لەکۆمەڵگای کەلەکچی بێتە دامەزراندن. لەلایەکی ترەوە ڕاستە کەموکوڕی لەبینایەی هەندێك قوتابخانە هەیەو لەڕووی میلاك و مامۆستاشەوە ژمارەیان بەپێی پێویست نییە، بۆ نموونە لەکۆمەڵگای کەلەکچی ساڵانە پێویستیمان بەقوتابخانەیەکی ١٨ پۆلی هەیە، ئەمە جگە لەوەی لەســـەنتەری شارۆچکەکە دوو قوتابخانەی کۆنمان هەیە کە داوامان کردووە سەر لەنوێ دروست بکرێنەوە، هاوکات لە سەنتەری ناحیەی قەسرۆك و هەردوو کۆمەڵگای کەلەکچی و چڕە پێویستیمان بە دروستکردنی باخچەی ســـاوایان هەیەو لەبەرنامەی ساڵی ٢٠١٣ ئەم داواکارییەمان بەرز کردۆتەوە.

لەڕووی کەرتی کشتوکاڵ و پێداویستی جوتیاران و پاڵپشتیکردنیانەوە گەرچی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تارادەیەك توانیویانە پەینی کیمیاوی و تۆوی چاندن و هەندێك جار ئامێری کشـــتوکاڵی دابـــەش بکەن، بەڵام تائێســـتا لەم ســـنوورە هیـــچ کارو پرۆژەیەکی گەورەیان جێبەجێ نەکردووە، لەکاتێکـــدا بەبەردەوام داوای پرۆژەمان کردووە، ئێســـتا پێویستیمان بە بنکەیەکی فرۆشـــتنی سەوزەو میوەو کۆگای ساردکەرەوە هەیە، وەکو پێشتریش ئامادەم پێدا بەنداوی بچووك لەم ناوچەیەدا زۆر گرنگە بونیادبنرێت کە کاریگەری ڕاســـتەوخۆی لەسەر پرۆژەکانی ئاودێری و بوژانەوەی کشتوکاڵ دەبێت.

لەکۆتایی دا بەپێویســـتی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە لەساڵی ٢٠١٢ توانیمان بۆ گشـــت سێکتەرەکان بەبڕی ٤٤ ملیارو ٥٨٢ ملیۆن دینار پـــرۆژەو کاری خزمەتگوزاری ئەنجام بدەین، بۆ ئەمســـاڵیش بڕیارە ژمارەیەك پرۆژە بێتە جێبەجێکردن لەوانە: دروستکردنی قوتابخانەیەکی ئامادەیـــی بۆ گوندی کانـــی کولێ کە ٨ گوندی دیکە ســـوودی لێوەردەگرن- باخچەیەکی گشـــتی – ژمارەیەك خانووی نیشـــتەجێ لەســـەنتەری ناحیە- بەدرێژی ٥ کیلۆمەتـــر جۆگەلەیەکی ئاودێری بۆ گوندەکان – ســـەربڕخانەیەك – هەروەها کڕینی چەند ئامێرێکی شـــۆڤڵ و گرێدەرو گەڵابەو تانکەر..هەروەها بەهاوکاری فەرماندەی دارستانی قەســـرۆك کار بۆ فراوانکردنی ڕووبەری سەوزایی و دارستانەکان دەکەین .

**کێشەی کەمی ئاویخواردنەوە لەم ناوچەیە بێ دروستکردنی بەنداو چارەسەر نابێت**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەم سنوورە هیچ کارو پرۆژەیەکی گەورەیان جێبەجێ نەکردووە**